**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشــت بــە حــوکمی برگــەی (١)ی مــاددە (٥٦)ی یاســای ژمــارە (١)ی ســاڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣٠)ی گرێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٧، یاسای (پاسەوانیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق)ی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١١ ی دەرچوواند، وە لەبەر نارەزایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە سەر ئەم یاسایە، بە بڕیاری ژمارە (١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٧/١٨، ئەوا پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٥)ی گرێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٣، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٢**
**یاسای پاسەوانیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

ڕاژەی تاکەکانی پاسەوانان کە بەردەوامن لە ڕاژەکەیان لەلای ئەندامان، بە ڕاژەیەکی کردەنی دادەنرێ بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینی و حوکمەکانی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو کە لە هەرێم کاری پێدەکری یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە، تاکەکانی پاسەوانان کە دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پاسەوانی هەبێ کە لە سێ کەس زیاتر نەبێ لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێن و پالاوتنیان و گواستنەوەیان لەسەر داواکاری ئەندامەکە دەبێ و ئەندامەکەش دوای تەواو بوونی ئەندامیەتی بۆی هەیە یەك لەو پاسەوانانە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەخۆ بگرێ و ئەوانەی دەمێنەوەش بەردەوام دەبن لەڕاژەی خۆیان لەلای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و، بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان دابەش دەکرێن بەسەر بەڕیوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پاسەوانی لە پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمدا.

**ماددەی سێیەم:**

نابێ ئەندامی پەرلەمان پاسەوانەکەی خۆی بگۆڕێ مەگەر دوای تەواو بوونی شەش مانگ بەسەر مێژووی دامەزراندنەکەی ڕەت بووبێ.

**ماددەی چوارەم:**

بڕیاری ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوە و، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە چەکی کەسی خۆی هەبێ و، هەڵیگرێ (دەمانچە یان چەکی ئۆتوماتیکی) یاخود هەردووکیان بەیەکەوە و، ئەو حەقەشی دەبێ دوای تەواو بوونی ئەندامیەتیشی هەبێ و ناسنامەی ئەندامیەتی یاخود ناسنامەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەبەڵگەنامەیەکی فەرمی دادەنرێ، ئەندامیەتی دەسەلمێنێ بە مۆڵەتێکی یاسایی دادەنرێ و دەسەلاتی ئەوەی پێدەدات کە ئەم مافە بەکار بێنێ بەدەر لە حوکمەکانی یاسای چەکی ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاخود هەر یاسایەکی دیکە جێی بگرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەندامانی خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردن، بەبەردەوامی پاسەوانێکیان لەگەڵدا دەمینێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بايز اسماعيل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

بەمەبستی ڕێکخستنی کاروباری تاکەکانی پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان لە ژێر هیزەکانی ناوخۆی هەرێم بۆ پاراستنی مافەکانیان لە راژە و خانەنیشنی، ئەم یاسایە دەرچوویندرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (٢٨ ) ی ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.